## بەش..........كۆمەڵناسی

## كۆلێژ......ئاداب

## زانكۆ .....سەلاحەددین

## بابەت .....ئەنترۆپۆلۆژیای كۆمەڵایەتی

## پەرتووكی كۆرس – قوناغی دووەم-كۆرسی دووەم

## ناوی مامۆستا: نادیە ولی جبار

## ساڵی خوێندن: 2022-2023

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | نادیە ولی جبار |
| 3. بەش/ کۆلێژ | کۆمەڵناسی- کۆلێژی ئاداب |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: nadia.jabbar@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن (بەپەی ئارەزوو): 07504660588 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | ٣ کاتژمێر لەهەفتەیەکدا |
| 6. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا = ٩ کاتژمێر لە هەفەتەیەکدا |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | لە ساڵی 2015 وە وەک مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەددین کارمکردوە. لە 2018 ەوە وەک مامۆستا لە هەمان بەش و هەمان کۆلێژ و زانکۆ وانەم وتووەتەوە. لە 2019-2020- وەک قوتابی دکتۆرا بە مۆڵەتی بەشی لە بەشی خۆم وانەم وتووەتەوە. ئێستاش بەردەوامم لە وانە وتنەوە لە بەشی کۆمەڵناسی. |
| 9. وشە سەرەکیەکان | ئەنترۆپۆلۆژیا، ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی،بنیادی کۆمەڵایەتی، سیستەمی کۆمەڵایەتی، کولتوور،ستروتایب، بەها، |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بۆخۆی بابەتێکی زۆر گرنگە و لە کایەی کۆمەڵناسیدا بابەتی سەرەکی هەموو لقە زانستیەکانی ئەم زانستە لەخۆ دەگرێت. جگە لە کایەی ئەکادیمی، ئەوا ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ئامرازێکە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە کە بەبێ ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگا ناتوانن بەڕێوە بچن. زانینی جۆرەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە بۆخۆی تێگەیشتنە لەسەرلەبەری ژیانی کۆمەڵایەتی و زانستی تاکەکان و یارمەتیدەرە بۆ دروستبوونی جیهانبینیەکی باشتر و زیاتر بەو دیاردانەی بەدەوروبەری تاکەوەن، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سەبارەت بە ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیانی ئەکاریمی و کۆمەڵایەتی قوتابی. شیکردنەوەی چەمکی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بۆخۆی هەنگاوێکە بۆ تێگەیشتن لە بابەتگەلێکی وەک مرۆڤ و کۆمەڵگا، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و کولتوور و بابەتەکانی وەک ئایین و پەروەردە و سیاسەت و دەسەڵات و شتی دیکەش کە وادەکات قوتابی لەو بابەتانە بە تەواوی تێبگات و زەمینەسازیدەکات بۆ تێگەیشتن لە بابەت تیۆرییەکان و گریمانەی تیۆری لە بواری کۆمەڵناسیدا. ئەم بابەتە وا لە قوتابی دەکات کە ئەرک و مافەکانی خۆی دەرک بکات و کار بکات بۆ دەستەبەرکردنیان وپێگەی و ڕۆڵی وەک هەڵگری ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی دەناسێت و بەجۆرێک شارەزایی لەبارەی ئەو زانا پسپۆرانە وەردەگرێت کە هەوڵیانداوە بۆ کەڵەکەکردنی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتیی زانستی و کۆشاون بۆ تیۆریزەکردن لەم بوارەدا. سەبارەت بەوەی چۆن بتوانێت ئەم بابەتە ببێتە مایەی بەدەسخستنی هەلی کار، ئەوا دەتوانرێت بوترێت ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی پاڵنەرێکی سەرەکییە بۆ دەوڵەمەندبوونی قوتابی

| |
|---|
| سەبارەت بە پسپۆڕییەکەی خۆی و دەستخستنی ئەزموونی زانستی تاوەکو لە ژیانی خۆیدا بەرجەستەیان بکات. زۆرێک لە قوتابیان لەمیانەی ئەم بابەتەوە توانیویانە بیرکردنەوەیان بگۆڕن و هەوڵدەن لە پەرەدان بە دەستی نووسین و دەسراگەیشتن بە سەرچاوەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و دروستبوونی خولیا و عەوداڵبوون بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتیان برزبکەنەوە، بەمەش توانیویانە سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی باش پەیدا بکەن و توانیویانە لەڕێگەی دەسخستنی ئەزموونی زۆرەوە لە کۆڕ و سمینارەکاندا بەشدار بن و سەرمایەیەکی رەمزی باش پەیدا بکەن و لە شوێنی جیاجیادا وەک پسپۆڕی ئەنترۆپۆلۆژیا قبووڵ بکرێن. |
| **11. ئامانجەکانی کۆرس**<br>**ئامانجەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی:**<br>**١_دەستنیشانکردنی مۆدێل و شێوازی جیهانیی بۆ بنیادە کۆمەڵایەتییەکان**<br>**٢_دەستنیشانکردنی (سیماکان) پێکداچوون و پێکبەستی سستمە کۆمەڵایەتییەکان**<br>**٣_دەستنیشانکردنی پرۆسەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی** |
| **12. ئەرکەکانی قوتابی**<br>-خۆ ئامادەکردن لە هەموو وانەکان بەوەی بابەتی دەستنیسانکراو دەبێت خۆی بۆ ئامادە بکات.<br>-ئامادەبوون لە وانەکان بە ڕیکوپێکی.<br>-ئامادەکردنی سمینار بە داتاشۆوە لەسەر بابەتێک کە پەیوەدنی بە وانەکانەوە هەبێت. |
| **13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**<br>- وانەکان لەڕێگەی داتاشۆوە دەخرێنە ڕوو.<br>-بەکار هێنانی تەختەی سپی.<br>-ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی وانەکان، و قوتابی ئازادە لەوەی ریکۆردی وانەکان بە دەسنووس یان بە ریکۆردەر دەکات |
| **14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**<br>ئامادەبوون لە پۆل :2<br>-ڕۆژانە پرسینەوە لە قوتابی سەبارەت بە وانەی ڕابردوو:2<br>-ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ڕۆژانە:2<br>-ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی مانگانە:30<br>4-ئەنجامدانی سمینار: |
| **15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**<br>پڕکردنەوەی ئەم خانەیە زۆر گرنگە، مامۆستا دەرئەنجامەکانی فێربوون دەنووسێت. بۆ نموونە: ڕوونی ئامانجە سەرەکیەکانی کۆرسەکە (بابەتەکە) بۆ خوێندکار<br>گونجاندنی ناوەڕۆکی کۆرسەکە بە پێویستی دەرەوە و بازاڕی کار<br>قوتابی چی نوێ فێردەبێت لە ڕێگەی پێدانی ئەم کۆرسەوە؟<br>ئەمە لە ١٠٠ وشە کەمتر نەبێت |
| **16. لیستی سەرچاوە**<br>• سەرچاوە بنەڕەتیەکان<br>• تیلوین،مستەفا(٢٠١٦)،دەروازەیەکی گشتی لە بارەی ئەنترۆپۆلۆژیاوە، و: نادیە ولی ،هەولێر: چاپخانەی التفسیر.<br>• الخطیب، محمد، (٢٠٠٨)،الانثروبولوجیاالاجتماعیة.الطبعة الثانیة،سوریة ،:دار علاز الدین.<br>• العثمان، وسام،(٢٠٠٢)الدخل الی الانثروبولوجیا، سوریة الاهالي للطباعة والنشر.<br>• المکاوی و عبد الرحمان، علي و فوزي،(٢٠٠٧)، دراسات في الانثروبولوژیا الثقافیة،القاهرة . |

| | |
|---|---|
| | • سەرچاوەی سوودبەخش<br>• گۆڤار و ریڤیوو (ئینتەرنێت) |
| **ناوی مامۆستای وانەبێژ** | **17. بابەتەکان** |
| نادیة ولي جبار<br>وەک: ٩کاتژمێر | ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی چییە<br>پێناسەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی<br>ئامانجەکانی ئەترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی<br>ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی بنیادی کۆمەڵایەتی و سیستەمی کۆمەڵایەتی<br>بوارەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی<br>خەسڵەتەکانی بنیادی کۆمەڵایەتی<br>پێگە<br>ڕۆڵ<br>تیۆرەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی<br>تیۆری پێشکەوتنخوازی:<br><br>تیۆری وەزیفی و بنیادی وەزیفی<br><br>تیۆری وەزیفی لای رادکلیف براون: Radcliffe Brown Alfred Reginald(١٨٨١_١٩٥٥).<br><br>تیۆری بڵاوبوونەوە:<br>کولتوور و خەسڵەتەکانی<br>پێناسەی کولتوور<br>توخمة کولتوورییة هاوبةشةکانی نيٍوان شار و لادآ<br>توخمە ماددیەکان<br>1. خۆراک:<br><br>2. خانوو:<br><br>3. جلووبةرگ:<br><br>3. ئامرازةکانی تةکنةلؤذیا:<br><br>4. کةلووثةلی خؤررازاندنةوة:<br><br>5. چةک و تةقةمةنی:<br><br>6. ئامرازةکانی هاتووچؤ:<br><br>7. گؤرستان:<br><br>توخمە مەعنەوییەکان<br>زمان |

| | |
|---|---|
| | ئایین<br>سحر و جادوو<br>داب و نەریت<br>هونەر<br>ستروتایب<br>گۆڕانی کولتووریی<br>هۆکارەکانی گۆڕانی کولتووریی |
| ١ | 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) |
| ناوی مامۆستا<br>وەک: 3-4 کاتژمێر | لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت. |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:**

**١- پێناسەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بکە؟ ئامانجەکانی بژمێرە و باسی هەریەکەیان بکە؟**

ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی دەکرێت کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی تەواوکاری بەراوردکاری کە پشت بە تێبینیی هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەبەستێت لە ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتیەکەیدا (واتە بایەخ بە رەفتای مرۆڤ دەدات لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەیەوە)..

**ئامانجەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی:**

**١_دەستنیشانکردنی مۆدێل و شێوازی جیهانیی بۆ بنیادە کۆمەڵایەتییەکان**

زۆرێک لەزانایان هەوڵیانداوە بەم ئامانجە بگەن، ئەوەتا (راد کلیف براون) سی ساڵ توێژینەوەی ئەنجامداوە بۆ گەیشتن بە هەندێک لەو مۆدێلە گشتیانەی بنیادە کۆمەڵایەتیەکان، ئینجا لەڕێگەی هەوڵدانی ئەو و تیکۆشانی زانایانی دیکەوە کۆدەنگیەکی نیمچە گشتی دروستبووە لەسەر چەند مۆدێلێکی بنچینەیی بۆ بنیادی کۆمەڵایەتی وەک: هۆز، خێڵ، دەوڵەت، نەتەوە و کۆمەڵگا. هەروەها زانایان توانیان شێوە سەرەکییەکانی خێزان لە کۆمەڵگا مرۆییەکان دەستنیشان بکەن، ئەوەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ گەیشتن بە یاسای کۆمەڵایەتی، یاساگەلێک کە ئەو جۆراوجۆریەی بنیادە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دەستنیشان دەکات.

**٢_دەستنیشانکردنی ڕووکرەکانی (سیماکان) پێکداچوون و پێکبەستی سستمە کۆمەڵایەتییەکان**

واتە دەستنیشانکردنی کاریگەری ئاڵوگۆڕکراوی نێوان سستمە کۆمەڵایەتییەکان کە دەکەونە چوارچێوەی بنیادێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە. ئێستا زانایان بایەخ بەم ئامانجە دەدەن، بەجۆرێک بەوە رازی نابن کە لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تەنها لەسەر وەسفکردن وەستابێت، بەڵکو دەبێت شیکردنەوە بکات بۆ دۆزینەوەی وەزیفە کۆمەڵایەتییەکانی سستمی کۆمەڵایەتی، ئەویش لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی کاریگەری ئاڵوگۆڕکراوی نێوان سستمەکان. هەروەها راد کلیف براون لێکچوون بەکاردێنێت لەنێوان بوونەوەری زیند و کۆمەڵگا، مەبەست لەم لێکچواندنە روونکردنەوەی تەواوکاریی و تێکەڵاوی و هاوشانی وەزیفییە لە نێوان

سستمە کۆمەڵایەتییەکان. ئەویش لە ڕێگەی چواندنیان بە تەواوکاری لە نێوان وەزیفەی ئەندامەکانی جەستە.

**٣_دەستنیشانکردنی پرۆسەکانی گۆرانی کۆمەڵایەتی**

ئەو گۆڕانەی لە نێو بنیادە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوودەدات ئینجا چ گۆڕانێکی خێرا یان گۆڕانێکی مامناوەند یانیش لەسەرەخۆ بێت. (براون) سەرنجی داوە کە ئەو توێژینەوانەی تایبەتن بەم ئامانجە بایەخیان داوە بە توێژینەوە لە کاریگەری شەڕ وشۆڕەکان و مۆنۆپۆلکردن (داگیرکردن) لەسەر سستمی خێڵەکی لە ئەفریقیا و ئاسیا و ئوستورالیا و ئەمریکا، پرۆسەی گەشەسەندن یان گۆڕان پێویستی بە دەرکەوتنی شێوەی نوێی بنیادی کۆمەڵایەتیە. هەروەها پێویستی بە گوزەرکردنە لە شێوەیەکی سادەوە بۆ شێوەیەکی ئاڵۆز. هەربۆیە دەبێت توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان دەستنیشانی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکات لە ڕێگەی دۆزینەوەی شێوە نوێکانی بنیادی کۆمەڵایەتی و دەستنیشانکردنی گەشەسەندنی دیاردە کۆمەڵایەتیە سادەکان بۆ دیاردەی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز.

٢- لە تیۆرەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بژمێرە؟ باسی تیۆری بنیادخوازی بکە؟

: تیۆرەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا

١_ تیۆری پێشکەوتنخوازی:

٢_ تیۆری وەزیفی و بنیادی وەزیفی

٣_ تیۆری وەزیفی لای رادکلیف براون:Radcliffe Brown Alfred Reginald(١٨٨١_١٩٥٥).

٤- تیۆری بڵاوبوونەوە:

تیۆری بنیادخوازی(کلۆد لیفی_ستراوس)

بنیاد بریتییە لە کۆمەڵێک توخمی جێگیر و هارمۆنی و پێکەوە گونجاو لە نێو خۆیاندا، کە ئەگەر گۆڕان لە یەکێک لە توخمەکانی رووبدات، ئەوا تێکچوونێک لە بنیادەکە بەگشتی روودەدات. بۆ نموونە: جەستەی مرۆڤ بنیادێکە و لەچەند توخمێک یان ئەندامێک پێکهاتووە (دڵ، سیەکان، چاوەکان، گوێیەکان...هتد)، ئەگەر پشێوی لە یەکێکیاندا ڕوویدات ئەو بنیادە بەگشتی تووشی ئەو پشێوویە دەبێت و هاوسەنگییەکەی تێکدەچێت.

کلۆد لیفی ستراوس، فەیلەسوف و ئەنترۆپۆلۆژیستێکی فەرەنسییە لە (١٩٠٨) لە دایکبووە و تا (٢٠١١) ژیاوە. ستراوس بە زمانناسی ڕوسی (چاکوب سون) کاریگەربووە. ئەم بنیادخوازیی لە ئەنترۆپۆلۆژیادا پێشخست، ئەویش لەڕێگەی چەندین توێژینەوەوە کە میتۆدی شیکاری (بنیادی) بەسەرکەوتوویی لەمیانەی توێژینەوەی لەبارەی ئەفسانەوە ئەنجامداوە، بەکارهێناوە. ئەویش بەم قۆناغانەدا تێپەڕ دەبێت: (١٩٦٤_١٩٧١_١٩٨٥_١٩٩١).

ئینجا لەمیانەی توێژینەوەکانی لەسەر پەیوەندییە خێزانیەکان لە (١٩٤٩) و دوای ئەوە بە ئاراستەی توێژینەوە لە گردبوونەوە مرۆییەکاندا ڕۆیشتووە، کە لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا بە زانستی ئیتنیکی ناودەبرێ ئەمەش لەنێوان سالانی (١٩٥٨_١٩٦٢) ئەنجامی داوە.

لێرەدا ستراوس پشتی بە بەراوردکردن بەستووە لەمیانەی سیستەمەکانی هاوسەرگیری و پەیوەندییە خێزانییەکان و بەراوردکردنی نێوان هۆزە جیاوازەکان و ئەو گردبوونەوانەی توێژینەوەی لەبارەیانەوە کردووە.

لایەنی بنیادخوازی لە تیۆرەکەی ستراوسدا لە میانەی ئەو تێبینیانەیەوە دەردەکەون کە سەبارەت بەو

| |
|---|
| بنەما سادانەی کۆنترۆڵی گردبوونەوە مرۆییەکان دەکەن، ئینجا هەریەکە لەو گردبوونەوە سەرەتاییانەشی کە بنیاد حوکمیان بەسەردا دەکات، ئەوانیش: بنیادی ڕەچەڵەک، بنیادی شوێن و بنیادی میرات، ئینجا لەسەر هەر تاکێکی ئەم گردبوونەوانە کە بنیادەکە پێکدێنن پێویستە لەم سیستەمە دەرنەچن، کە ئەمە بەشێوەیەکی ئیلزامی لەسەر ئەو گردبونەوانە و ئەو تاکانە دانراوە.<br>بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، ستراوس لەم بنیادانەدا قاڵبووە و، ئەویش لەمیانەی توێژینەوە لەبارەی تابلۆکان (هاوسەرگیری نێوان خزم و کەس لە هەندێ هۆزدا تابۆ و حەرامکراوە، کەچی لە هەندێکی دیکەدا حەرام نییە). هەروەها توێژینەوە لەبارەی بنچینە کولتوورییەکانی ئەم شێوازەی هاوسەرگیری. هەروەها ستراوس توێژینەوەی لەبارەی بنیادی ئاڵوگۆڕکردنی ژن لە نێوان دوو مێردی جیاواز و، بنیادی بەریەککەوتنی نێوان کولتوور و سروشت، ئەنجامداوە.<br>**2. ڕاست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ڕستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.<br><br>**3. بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر ڕستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی ڕاست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت. |
| **20. تێبینی تر**<br>لێرە مامۆستای وانەبێژ دەتوانێت تێبین وکۆمەنتی خۆی بنوسێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکەکەی. |
| **21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**<br>ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.<br>هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبێت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت. |